کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 5-10-2007 0:12

# کۆمەڵەی لاوانی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و هاوبیرەکانی هێشتا لە ئەی ڕەقیبدان! ... سەردار عەبدوڵلا

سەر تیتری سایتی کوردستاننێت ڕێکەوتی 4 ی ئۆکتۆبەر تەرخانکراوە بۆ کۆمەڵەی لاوانی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب، کە تێیدا دوور لە هەموو پێوانەیەکی شارستانی و زۆر دواکەوتووانە بە بەکارهێنانی وشەی پێپەتی و شتی تری لەم چەشنە مەگەر تەنیا لە فەرهەنگی بزووتنەوەکەی ئەو کۆمەڵەیەدا هەبێت کە کەوتوونەتە هەڕەشەو چاوسوورکردنەوە لە هەر کەسێکی عەرەبزمان کە چالاکی هونەری لە کوردستان ئەنجامبدات! لە ڕاستیداپێش هەر شتێک ئەوەی جێگەی پرسیارە، گرنگیدانی سایتی کوردستان نێتە بەو ئاگادارییە، کەبۆخۆی هاوخەمیان بۆدردەخات و دەستی خەباتکارانەیان دەگوشێت بە هەڵوێستی جوامێری و کوردایەتییان خەنی دەبێت!



کۆمەڵەیەکی وا کە وەک قارچکی بۆدرە هەڵتۆقیون و تاکو ئێستا کەسێک لە چالاکییەکی ئەم ڕێکخراوە و بچووکترین خزمەتێکیان بە گەنجان ئاگادار نییە کەچی بۆ ئەم چالاکییەیان کوردستان نێت بەشی شێری داونەتێ!

لە ڕاستییدا من نامەوێت بچمە سەر تەواوی ناوەڕۆکی ئەو ئاگادارییە و هەڕەشەنامەیەوە بەڵێم پێمخۆشبوو کە زۆر بەکورتی کاک عومەر فارس هەندێ بدوێنم و ڕای خۆی بدات کە دانانی پۆخەڵەواتی و ڕووی ناشارستانی کۆمەڵگەی کوردستان بۆ وا بارزدەکات و دەیبرێت بەبالای خەڵکی کوردستاندا و بەتایبەت گەنجەکانیداکە فاشستن و تەنیا و بەتەنیا هەر کوردیان دەوێت و خەڵکی تریان خۆشناوێت!

بەڕێز کاک فارس، گەر بەڕێزت لەسوچێکی سایتەکەتدا یاخود وەک هەر بابەتێکی تر ئەو ئاگادارییەت بڵاوبکردایەتەوە بۆ من گرنگ نەبوو و ئەو کات پێم وابوو کە بۆ ڕێزگرتن لە ئازادی بیروڕا ئەوکارەت کردووە، بەڵام گرنگیدانەکەت مایەی پرسیارە و باشترە بۆخوێنەرانی ڕوونبکەیتەوە و بە جەرائەتیشەوە بیگۆڕیتە سەرزمانی هۆڵەندی و بڵاوی بکەیتەوە تاکو هاوڵاتیانی هۆڵەنداش بیرووبۆچوونی یەکێک لە هاوڵاتییە ماندوو بەڕێوبەری یەکێک لەماڵپەرە باشەکانی خۆیان بزانن.

ڕێکخراوی ڕاسیستی لەو چەشنە لە وڵاتانی ئەورووپا هەن کە بیانووەکانیان زۆر قایلکەرترن لە چاو ئەم کۆمەڵە ڕاسیستەی لەمەڕخۆمان، بۆ وەستانەوە بە دژی خەڵکانی بیانیدا، کاک فارس لە هەموو کەس باشتر دەزانێ (لەوانەشە ئەوەندەی من ڕقی لێیان بێت) کە چۆن ڕووی سەردەرهێنانیان نییە و چۆن بە گشتی لەنێو خەلکیدا ڕسوان، دەزانێ کە مێدیاکان چۆن خۆیانیان لێ لادەدەن و دەزانێت کە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ڕاسیستی بە یاسایی قەدەغەکراوە.

بەڕێز کاک عومەر فارس، ماڵپەرەکەت لەوڵاتێکەوە پەخشدەکرێت کەبۆ سەدان پەنابەر و هاوڵاتی وەک تۆ دەیان فرسەتی باشی داوە، وەک ئینسان سەیردەکرێیت و ڕێزت لێدەگرن! دەبوو بەڕێزیشت ماڵپەرەکەت بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی لەو چەشنە بخەیتە خزمەت خەڵکی کوردستان!

لە ڕاستیدا، ئەمە کاری مێدیایەک نییە کە بەتەنگ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و دیموکراتیەوە! بێت لەکوردستان. ئەمە کاری مێدیایەکە کە نایەوێت خەڵکی کوردستان بە ئارامی و ئازادی بژین، خەڵکی هەمیشە قین لەدڵبن بەرامبەر کەسانی غەیرەخۆیان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:12 5-10-2007

لە کۆتایدا ئەوەندە دەڵێم کە خەڵکی کوردستان ئاستی وشیاریان زۆر لەوە زیاترە کە بەم تەپڵەدڕاوەی لاوانی ئەی ڕەقیب سەمابکەن، ئەمانەش ئەو پەڵە ڕەشەن کە خەڵکی کوردستان دەبێت لە تەوێڵی خۆیانیان بکەنەوە، و ئەم جۆرە رەفتارانەش نیشانەی ئەوەن کە کۆمەڵەی لاوانی ئەی رەقیب و هاوبیرەکانی بەڕاستی هێشتا لە ئەی رەقیبدان!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.